www.kurdishwebit.net
Email: info@kurdishweb.net
گۆڤاری کوردیش ویب ئای تی
Kurdish web IT Magazine

ئامادەکاری بابەت

بێستون

## جیاوازی نێوان ڤایرۆس، کرم، ترۆجان

---

زۆر بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر نازانن جیاوازی بکەن لەنێوان ڤایرۆس،کرم ،ترۆجان وائەزانن هەمووی هەر ڤایرۆسە بەلام ئەمە ڕاست نییە چونکە هەر یەکێک لەم جۆرانە تایبەت مەندی و زیانی خۆی هەیە وە ڕێگای خۆی هەیە بۆ بڵاو بوونەوەی.

لێرەدا وورده باسێکی سەرەکی ڕوون دەکەمەوە بۆ بەڕێزتان بۆ ئەوەی شارەزایی ئەم سێ جۆرە زیان بەخشە ببیت..

### ڤایرۆس



ئەم جۆرە خۆی دەگەیەنێتە بەرنامەیەک یان فایلێک وە خۆی بڵاو ئەکاتەوە لە ناوکۆمپیوتەردا هەروەک چۆن نەخۆشی لەناو مرۆڤدا بڵاو ئەبێتەوە.

وەهەر کۆمپیوتەرێک تووشی ئەم جۆرە ببێت لەدوایەوە دوژمنێک بەجێ ئەهێڵێ. وەترسناکی ڤایرۆس لەجۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر ئەگۆڕێ. وەئەکەوێتە سەر جۆری ڤایرۆسەکە.

هەندێکیان دەبنە هۆی لەکار خستنی فایل وە هەندێکی تریان دەبنە هۆی تێک دانی هارد وێر یان بەرنامە سەرەکیەکانی ناو ئامێر تەنانەت فایلە گرنگەکانیش.

ئاسایی زوربەی ڤایرۆسەکان دێن لە شێوەی فایلی جێبەجێ کەر (exe) وە هەرکاتێ ئەم فایلانە دابەزین لە نێو ئامێرەکەتدا خۆیان ڕاستەو خۆ ئیش ناکەن تەنها کاتێک تۆ بتەوێ ئیشی پێ بکەیت.

وە ڤایرۆس هەر لەخۆوە ناگوێزرێتەوە تەنها لەرێگەی مرۆڤەوە نەبێت کاتێ ئەتەوێ ئیشی پێ بکەیت یان بینێریت ئەویش لەرێگەی ( ئیمەیل یان بەرنامەوە یان......هتد)



# کرم



کرم خزمایەتیەکی لەگەڵ ڤایرۆس هەیە لە شیوەی پێک هاتەیدا بەڵام وەک بەشێکی لاوەکی ڤایرۆسە تەنها جیاوازی لەگەڵ ڤایرۆس ئەوەیە کە کرم بڵاو ئەبێتەوە بێ  مرۆڤ.وە لەکۆمپیوتەرێکەوە دەڕوات بۆ کۆمپیوتەرێکی تر.

مەترسیدارترین جۆری کرم ئەوەیە کەتوانای کۆپی کردنی خۆی هەیە لەناو ئامێردا بەزۆر جۆر وەناردنی لەباتی یەک جار هەزارەها جار کە کێشەی زۆر گەورەی لێ ئەبێتەوە.

کرم ڕێگای پەیوەندی کردن بەکار دەهێنی بۆ مەبەستی خۆی وەک هەندێ جار پەنجەرەیەک دێت و داوای پەیوەندی کردنی ڕاستەو خۆت لێ دەکات بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بێ ئەوەی خۆت داوات کردبێ*** ئاگاداری ئەم جۆرە پەیامانە بە ***

نیشانەکانی تووش بوونی ئەم جۆرە کرمانە داگیر کردنی بەشێکی زۆری رامە(Ram) وە جام بوونی کۆمپیوتەر و دەبێتە هۆی وەستاندنی سێرڤەر وەک ئەوەی کاتێ تووش دەبێت بەم کرمە هەڵ دەستێت بە کۆپی کردنی خۆی وەناردنی بۆ ئەو کەسانەی لە لیستی پۆستەکەت دا هەن(ئیمەیل) هەر کاتێ یەکێک لەوانە ئەو پۆستەی کردەوە لە ڕێگەی ئەویشەوە دەچێتە ناو ئەو لیستانەی ئەویش هەیەتی و وەهەروەها بەم جۆرە بە شێوەیەکی فراوان بڵاو دەبێتەوە . بۆیە زۆر پێویستە تا دڵنیا نەبین لەو ئیمەیلە کە هی کێیە و نەی ناسین نەی کەینەوە نمونەی ئەم جۆرە کرمەش ( کرمی پلاستر)ە.






# ترۆجان



ئەم جۆرەیان جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ کرم، ڤایرۆس.
ئەم جۆرە وا دارێژراوە زۆر بێزارکەرە بێ ئەوەی زۆر زیان بەخش بێت.
وەک ئەوەی کاتێ سەردانی ماڵ پەرێک ئەکەیت داوای ئەوەت لێ ئەکات کە بەرنامەیەکی دیاری کراو دابەزێنی یان هەر خۆی ماڵپەرەکە ترۆجاناویە. بۆیە ئاگاداربە تەنانەت لە کردنەوەی ماڵپەرێشدا بەزۆری ماڵپەرە نەشیاوەکان.
ترۆجان هەندێ جار هەڵدەستێت بە سڕینەوەی هەندێ ئایکۆنی سەر دیسک تۆپ، سڕینەوەی هەندێ فایلاتی سستەم، سڕینەوەی هەندێ فایلی گرنگی سستەمەکەت، گۆڕینی پەیجی سەرەکی ئێکس پلۆرو نەتوانینی هەڵدانەوەی پەیجەکانی نێت وە ئەوەش بزانە ترۆجان هەڵدەستێت بەدانانی ( باک دۆر) لە کۆمپیوتەرەکەتدا بۆ مەبەستی گواستنەوەی زانیاری تایبەتی کۆمپیوتەرەکەت بۆ لایەنێکی تر بێ ئەوەی ئاگاداریش بیت ...کەئەمەش ترسناکی خۆی هەیە. ترۆجان زیاد ناکات وەک کرم وەخۆی نانوسێنی بە بەرنامەیەکەوە وەک ڤایرۆس.
بۆیە پێویستە ئەو دژە ڤایرۆسەی بەکاری دێنیت بتوانێ لەهەموو ئەم جۆرە شتە ترسناکانە ئاگادارمان بکاتەوە یان لەناویان بەرێت..




بۆ خۆپاراستنی گشتی دەبێت ئەنتی ڤیروسێکی باش و چالاکت هەبێت و توانای گرتنی ئەم سێ جۆرەی هەبێت